# دالانی کوردان و بەدواداچوونێک

د. موحسین محەمەد حسێن

لە ژمارە ٢٤٤ی گۆڤاری ڕامان کە لە ٢٠١٧/٩/٥ دەرچووە، د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ باس لەوە دەکات کە سەڵاحەددین ئەیووبی لە «جامع الأزهر»ی قاهیرەدا، دالانی کوردان «رواق الاکراد»ی دروست کردووە(١)، هەروەها دەڵێت سەڵاحەددین وەک کورد ڕەفتاری کردووە، من بەپێی بەڵگەی مێژوویی بەردەست بەرپەرچی ئەو قسەیە ڕەت دەدەمەوە و دەڵێم: نەخێر سەڵاحەددین ئەیووبی ئەو دالانەی دروست نەکردووە.

ڕاستییەکەی نابێت یاری بە ڕووداوەکانی مێژوو بکرێت، باسێکم بە ناوونیشانی «لكي لا يتحول التأريخ الى لعبة» لە ساڵی ٢٠٠٥ لە گۆڤاری «الفكر الجديد ل:١٦١-١٧٨»دا بڵاوکردەوە، هەوڵێکی زۆر درا بۆ بە غەریب کردنی سەڵاحەددین لە نەتەوەکەی خۆی، هەروەها لەوێ توانیم بەرپەرچی ئەوانە بدەمەوە کە ویستیان ئەو سەرکردە مەزنە بتورکێنن، یان بۆ مەرامی خۆیان بەکاری بێنن، بۆیە بۆ بێدەنگ کردنی ئەوانەی کە پسپۆرییان لەو بوارەدا نییە، هاتمە وەڵام، ئەوانە وا دەزانن خوێنەران لەناو ئەو قسانەدا ڕاستی دەدۆزنەوە، لە کاتێکدا گێڕانەوەکان فڕیان بەسەر ڕاستییەوە نییە و بەبێ سەرچاوەن.

د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ لە لاپەڕە ٤٤دا دەڵێت «دالانی کوردان لە لایەن سەڵاحەددینەوە لە قاهیرە دروست کرا، ئەمە شتێکی گەورە بووە و ناوی کوردی بڵاوکردووەتەوە» ئەو قسەیە بنەمایەکی زانستی نییە، بەپێچەوانەوە سەڵاحەددین «جامع الأزهر»ی تێکدا و بڕیاری دا کتێبەکان بسووتێنرێن، شوێنی سووتاندنی کتێبەکان بوو بە گردێک و تا سەردەمی مێژوونووسی گەورەی میسر «ئەلمەقریزی» هەر مابوو، واتە دوای ٣٠٠ ساڵ، ئەزهەر لەسەردەمی سەڵاحەددین وێران بووە، ئەو سەردەمە هیچ لەو دالانانە دروست نەکرابوون. هەر سەبارەت بە دالانی کوردان، پرۆفیسۆر د. عیماد عەبدولسەلام ڕەئووف لە کتێبە بە نرخەکەیدا «جوانب من تراث الأكراد في الأزهر وأثارهم في المكتبة الأزهرية»، لە زاری «محمد سيد طنطاوي» شێخی ئەزهەر لە ٢٠٠٦/٧/٩ دەڵێت «دالانەکانی ئەزهەر ساڵانێکی درێژ بوو لە ناوچووبوون، لە ١٠٠ وڵاتەوە قوتابی ڕوویان تێ دەکرد، دالانی کوردان ساڵی ١٨٩٧ لەسەردەمی خدێوی عەباس حیلمی «١٨٩٢-١٩١٤» مەلیکی میسر لە خانەوادەی محەمەد عەلی دا نەما.

سەبارەت بە دامەزراندنی ئەو دالانە کوردییە، دکتۆر عیماد دەڵێت «ئەو دالانە لە کۆتایی سەردەمی مەمالیک دامەزرا، سەردەمی مەمالیک ساڵی ١٥١٧ لە کاتی

داگیرکاری عوسمانی لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەم کە نۆیەم سوڵتانی عوسمانی بوو، کۆتایی هات»، هەروەها دکتۆر عیماد دەڵێت «هۆکاری دامەزراندنی ئەو دالآنە نەمانی دەوڵەتی مەمالیک بوو کە لە ١٢٥٠-١٥١٧ حوکمی میسریان کرد و وڵات کەوتە دەست عوسمانییەکان و زۆربەی گردبوونەوە ئیسلامییەکان دالآنێکیان دروست دەکرد». بڕوانە «د. عماد عبدالسلام رؤوف، جوانب من تراث الكرد في القرون المتأخرة، طبعة دارالزمان. دمشق، ص٣٤٠»، کەواتە دالآنی کوردان لە ئەزهەر دوای ٣٠٠ - ٤٠٠ ساڵ دروست کراوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم بۆ بەربەرچدانەوەی قسەکانی د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ چیتر نەڵێم، چونکە ڕۆشنبیری مێژوویی کەمە، بۆیە پێویستە لەم بارەیەوە نەدوێت، چونکە شارەزای سەرچاوە نزیک و دوورەکانی ڕووداوە مێژووییەکان نییە، هەندێک وەرامی دیکە بۆ لێتوێژەری دیکە جێ دەهێڵم، وەرامیشم بۆ ئەسڵی دەروز و ئیسماعیللییە «نزارییەکان» دەخەمە دەرفەتێکی دیکە.

نەدەبوایە قەڵەمی خۆم بۆ ئەم بابەتە بخەمە گەڕ، بەڵام د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ لەسەر بۆچوونە هەڵەکانی بەردەوام بوو، بایەخدانی من بەو سەرکردە کوردە گەورەیە دەگەڕێتەوە بۆ بەر لەبەدەست هێنانی بڕوانامەی دکتۆراکەم لە ساڵی ١٩٧٨، کە لە ئوتڕووحەی دکتۆراکەمدا، پشتم بە ٢٣٩ سەرچاوە بەستووە، لە هیچ یەکێکیاندا ئاماژە بەوە نەکراوە کە سەلاحەددینی ئەیووبی دالآنی کوردانی دروست کردبێت، بۆیە دووپاتی دەکەمەوە «نابێت گەمە بە مێژوو بکرێت، بە تایبەتی لەلایەن کەسێکەوە کە بەناو ساڵدا کەوتبێت و لە دەزگایەکی ئەکادیمیدا کار بکات.»

شەش کتێبم دەربارەی ئەو سەرکردەیە داناوە، جگە لە دوازدە لێکۆڵینەوە بە زمانی کوردانی و عەرەبی کە پێش دوو ساڵ ئەکادیمیای کوردی بە دوو بەش چاپیان کرد، داوا لە خوێنەری بەڕێز دەکەم ڕستە، یان بڕگەیەک لەو نووسینانەم بدۆزێتەوە کە دژی سەلاحەددین نووسرا بێت.

خۆشەویستی و ڕێزم بۆ ئەو سەرکردەیە لەناو کتێب و لێکۆڵینەوەکانمدایە، هەروەها لە دیدارەکانی ڕۆژنامەوانی و تەلەڤزیۆنیدا لە بەغدا و هەولێر و دیاربەکر و لیبیا، وای کرد کە هەندێک لە مامۆستا و برادەرانم بە دکتۆر سەلاحەددین بانگم بکەن، لەمانە سەرپەرشتیاری دکتۆراکەم «محەمەد تۆفیق حوسێن»، لە ڕۆژی گفتوگۆدا لە ٩/١٢/١٩٨١ کە مامۆستایانی زانکۆی بەغدا ئامادەبوون لەوانە (ڕەوانشادان: د. ئیحسان فوئاد، د. کاوس قەفتان، د. ئەحمەد عوسمان، هەروەها دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد و دکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ)یش ئامادە بوون.

**(١) د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ یەکەم کەس نییە گوتبێتی (دالآنی کوردان- رواق الاكراد) سەلاحەددینی ئەیووبی لە قاهیرە دروستی کردووە، بگرە زۆربەی ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد هەر ئەو ڕایەیان هەبووە و هەیە، دەتوانم بڵێم ئەو بیروڕایە لە ناو ڕۆشنبیران بووە بە باو، کە بیرمەندی گەورەی کورد مەسعوود محەمەدیش یەکێکە لەوانە، بۆ بەڵگە لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ئەو و شوکور مستەفا هەمان ئەو ڕایەی دەربڕیوە، ئەو گفتوگۆ تەلەڤزیۆنییەش کە لە (Ktv)دا وەختی خۆی بڵاوکراوەتەوە، ئێستا لە یوتوب بەناوی (مامۆستا مەسعوود محەمەد و مامۆستا شکور مستەفا دیدارێکی تایبەت لە ساڵی ١٩٩٨ لە بارەی نەتەوەی کوردەوە- Grtachannel) دانراوە و هەیە.**

**(سەرنووسەر)**